کتێبخانەی (PDF)

2021

کتێبی هەشتەم

# سەرکێشیەکانی شێرلۆک هۆڵمز



نووسەر
ئارسەر کۆنان دۆیڵ

وەرگێڕان
مەدینە ئەحمەد

© MIZAN RAHMAN PHOTOGRAPHY

# گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ



# سەرکێشییەکانی شێرلۆک هۆڵمز

نوسینی:
ئارثەر کۆنان دوێڵ
وەرگێڕانی:
مەدینە احمد

# مەتەڵی پۆستەکە

**لەسەرەتادا کەمێك ئاڵۆز دەبێت کاتێك دەیخوێنیتەوە چونکە سەرەتا باسی دۆسییەکی دیکە دەکەن؛ ودواتر بۆدۆسییەکەی خۆیان دەڕۆن.**

**هیوادارم خوێنەر بێزار نەبێت کاتێك سەرتا دەیخوێنێتەوە هەروەك چیرۆکەکانی تر تامەزۆرییەکی زۆری تێدایە.**

**لەهەر کەمو کوڕییەك ببورن.**

**- وەرگێر-**

# <u>لیستی کەسایەتییەکان</u>

**شـــــێرلۆك هـــــۆڵمز: پشـــــکنەری تـــــایبەت بۆچارەســـــەرکردنی دۆســـــییەی تـــــایبەت وتەواونەکـــراو، وبلیمەتتـــرین لێکـــۆڵەر لەتەواوی لەندەن وبەریتانیا.**

**واطسـۆن: هــاوڕێ و هاوبەشــی شــێرلۆك، لەهەمــان کاتیشدا گێڕەوەی چیرۆکەکانە.**

**لیستراد: لێکۆڵەر لە بلفاست.**

**خــاتوو ســوزان کوشــنگ: خــانمێکی پەنچــا ســاڵەی سەڵتە.**

**خاتوو سارە کوشنگ: خوشکی خاتوو سوزان.**

**خـــاتوو مـــاری براونـــر: خوشـــکی هەردوو خـــاتوو کوشنگە.**

**جیمس براونر: مێردی خاتوو ماری.**

**ئالیك فیربارین: هاوڕێی خاتوو سارە کوشنگە.**

ڕۆژێکــی گەرمــی مــانگی ئــابە، شــەقامی بەیــکەر وەکــو فــڕنە وابــوو، بەردە زەردەکەی مــاڵەوە کاتێــك تیشــکی خــۆر لێیــدەدا زۆر بەئــازار بــوو، کەشــەکەی بەجۆێــك گەرم بــوو ئەســـتەم بــوو بــڕوابکەی ئەم دیـــوارانە هەمـــان دیـــوارە ڕەش وتاریکەکـــانی زســتانە. پــلەی گەرمــیش بەســی وســێ پــلەی ســەدی تۆمـــارکرابوو ئەســـتەمە بـــڕوابکەم، ئەومـــاوەیەی کەلەهنــد بــووم زیــاتر لەســەر گەرمــی ڕاهــاتبووم وەك لەساردی.

پەردەکـــان بەنیـــوە کرابـــوون، هـــۆڵمز لەســـەر قەنەفەکەی بەڕاکشـــانەوە دووبـــارەو دووبـــارە ئەونــامەیەی دەخوێنــدەوە کەبەپۆســتە بــۆی هــاتبوو. ڕۆژنـــامەی بەیانیـــانیش هـــیچ ڕووداوێکـــی ســـەرنج ڕاکێشـــی لەخۆنەگرتبـــوو، پەرلەمـــان داخـــراوەو



خەڵکەکە ڕژاونەتە سەرشەقام. ،حەزمەکرد پشویەك لەناوەڕاستی دارستانەکانی نیو فۆرست یان لەسەر ڕووبارەکانی باشوور بەسەربەرم، لابردنی هەژمارە بانکیەکەم بووە هۆی دواخستنی گەشتەکەم. هاوڕێکەشم نەئارەزووی لەدەشتە نەلەڕووبار، بەڵکو حەزی لێیە لەناوپێنج ملیۆن خەڵك بمێنێتەوە بەهیوای نیشانەیەك ئاماژەیەك ببیات بەرەو دۆسیەیەك؛ لەنێو بەهەرە نەژمێردراوەکانی هیچ شوێنێك بۆبەرزنرخاندنی جوانی سروشت نییە.

کاتێك بینیم هۆڵمز زۆر سەرقاڵەو دەرفەتی نییە بەبێزارکەرییەکەوە ڕۆژنامەکەم فڕەدایە لاوە ولەسەر کورسییەکەم پاڵم دایەوە ونقومی بیرێکی قوڵ بووم، هاوڕێکەم بەدەنگی هەڵی کوتایە سەر بیرم، وتی: تۆڕاست دەکەی واطسۆن؛ شێتانەترین ڕێگایە بۆیەکلایکردنەوەی کێشەکە.

وەڵامم دایەوەو وتم: زۆرشێتانەیە، بەڵێ.

لەپڕ درکم بەوەکرد ئەوەی من بیرم لێدەکردەوە ئەوەوتی، لەکورسییەکەم دەرپەڕیم وبەسەرسامییەوە سەیرمکردو هاوارم کرد: ئەمەچییە هۆڵمز؟! لەسەرووی هەموو ئەوەوە بوو کەدەمتوانی پێشبینی بکەم!

بەقوڵییەوە پێکەنی ووتی: بیرت دێت پێش کەمێك بڕگەیەکم لەسەر چیرۆکی ئادگار ئالان بۆخوێندیتەوە، لەنێویدا تویژەرەکە شوێن بیرۆکەی هاوڕێکەی دەکەوێت، بەشێوەیەك مامەڵەم لەگەڵ بارودۆخەکەکرد کەناکۆکییەك بێت لەگەڵ نوسەرەکە پێشم وتیت ئەوەلەخوو

وسروشتی منه بەردەوام پێم دەوتی هەتاوەکو گومانت لادروست بوو وبڕوات نەدەکرد؟

- نا!
- لەوەیە زمانت هاوڕێ ئازیزەکەم، بەڵام بڕۆکانت بەدڵنیاییەوە، بینیم ڕۆژنامەکەت خستە لاوە ونقوم بویت لەزنجیرەیەك بیرۆکەدا زۆر دڵخۆش بووم لەبەرئەوەی هەلم بۆڕەخسا بۆخوێندنەوەی بیرۆکەکانت دواتر هەڵکوتانە سەری وەك بەڵگەیەك بۆئەو پەیوەندییەی بەتۆوە هەمە.

بەڵام هێشتا دوور بووم لەوەی قایل ببم ووتم: َبەڵام لەو وتارەی خوێندومەتەوە توێژەرەکە بەرهەمی ئەوکارانەی لەپیاوەکەدا تێبینی کردووە کورت کردۆتەوە، ئەگەر ڕاست بێت وەکوئەوەی بیرمبێت کێشاویەتی بەکۆمەڵێك بەردداو سەیری ئەستێرەکانی کردووە ئالەم شتانە، بەڵام من دانیشتبووم بەئارامی لەسەر کورسییەکەم، ئیتر ئەوئاماژانە چیبوون کەبەتۆم داوە؟

- ستەم لەخۆت دەکەی؛ ئاماژەکان ڕێگایەکن بۆدەربڕینی هەستی مرۆڤەکان، ئاماژەکانی تۆش زۆر دیارە.
- مەبەستت ئەوەیە دەڵێی زنجیرەی بیرۆکەکانی منت خوێندۆتەوە لەڕێگەی ئاماژەکانمەوە؟
- بەڵێ، بەتایبەتی چاوەکانت، لەوەیە خۆشت بیرت نەبێت کەخەونەکان چۆن بەخەبەرت دەهێننەوە.
- بەڵێ،ناتوانم.

- كەواتە پێت دەڵێم،دوای ئەوەی ڕۆژنامەکەت خستەلاوە شتێك بوو سەرنجی ڕاکێشام نیو خولەك بێ هیچ دەربڕینێك دانیشتیت،،دواتر چاوەکانت لەسەر وێنەی ژەنڕاڵ گۆردن لەنوێترین دەرکەوتنیدا جێگیربوو، بەودەربڕینانەی لەسەر ڕووخسارت دروست بوو تێگەشتم کەزنجیرەی بیرکردنەوەکانت دەستی پێکردووە بەڵام دوور هەڵی نەگرتویت، دواتر بەخێرایی چاوت چووە سەر وێنەی هنری وارد پێشتر لەسەر کتێبەکانت داتنابوو، دواتر سەیری دیوارەکانت کرد، بێگومان ماناکەشی ڕوون بوو؛ بیرت دەکردەوە ئەگەر وێنەکەی گۆردن لەبەشە بەتاڵەکەی دیوارەکەوە هەڵواسی ڕاستەوخۆ بەبەردەوامی دەتوانی سەیری بکەی.

هاوارم کردوو وتم: بەباشی وەدوی بیرکردنەوەکانم کەوتی!

- هەتاوەکو ئێستا ئاسان بوو، بەڵام گەڕایتەوە بیرت لە" بیشر" دەکردەوە بەشێوەیەك سەیرت دەکرد بتەوێت تایبەتمەندی کەسایەتی لەڕێگەی ڕووخسارییەوە دیاری بکەی، دواتر چاوەکانت لەیەك نا،بەڵام بەوردی سەیرت دەکرد وڕووخسارت لەبیرکردنەوە نقوم ببوو؛ پێداچونەوەت بەڕووداوە دیارەکانی " بیشر" دەکرد،بەباشیش دەمزانی ناتوانی بیر لە " بیشر" بکەیتەوە بێ بیرکردنەوە لەوکارەی لەبەرژەوەندی باکوور کردی لەکاتی جەنگی خێزانی لەبەرئەوەی بیرمە چۆن ڕای خۆت

دەربڕی کاتێك خەڵكی پێشوازیان لەوبابەتەكرد، دواتر بینیم چاوەكانت لەوێنەكە دووردەكەونەوە بۆخولەكێك گومانم كرد بیركردنەوەكانت بۆجەنگی خێزانی گۆڕا، كاتێك تێبینی ئەوەم كرد لێوەكانت لەیەك نا وچاوەكانت گەش بوونەتەوە وگرتنی مەچەكەكانت دڵنیابووم لەوەی بیر لەبوێرییكەی دەكەیتەوە، دواتر ڕووخسارت خەماویتر بووسەرت ڕادەوەشاند؛بیرت لەخەم ومردنی بێسوود نقوم ببوو، دەست بردنت بۆبرینەكۆنەكەت ودروستبوونی زەردەخەنەیەك لەسەر لێوانت دەری خست ئەم سەركێشییە جیهانیە بیركردنەوەكانتی داگیركردووە، لەم خاڵەدا هاوڕام لەگەڵت كەجەنگ هەڵبژاردنێكی شێتانەیە، دڵخۆشیشم بەوەی هەموو پێشبینیەكانم وەڕاست كەوتنەوە.

وتم: بەدڵنیاییەوە، وەئێستا دوای ڕونكردنەوەكەت ئەبێ درك بەوەبكەی هێشتا سەرسامم وەكو پێشتر.

- واطسۆن، كارێكی زۆر ئاسان بوو، دڵنیابە سەرنجی تۆم ڕانەدەكێشا بۆی ئەگەر ئەوڕۆژە بەتەواوی قەناعەتی خۆت بۆمن دەرنەخستایە. بەهەرحاڵ ئێستا كێشەیەكی بچوك لەچنگمە ئەكرێت چارەسەركردنی كەمێك گران بێت لەبارەی وتارێكی بچوك لەسەر خوێندنەوەی بیرۆكەكان. تێبینیت كرد لەڕۆژنامە باس لەپۆستەیەك دەكات

کەبۆخاتوو " کوشنگ" نێردراوە لە شەقامی کرۆس لەکرویدن؟

- نا، هیچ شتێکی لەوشێوەیەم نەبینیوە.
- ئەبێ تۆداتخستبێت. ڕۆژنامەکەمپێبدە، اەەەە، ئەوەتا لەژێر ستوونی دارایەکەیە. تکایە بەدەنگێکی بەرز بیخوێنەوە.

ڕۆژنامەکەی بەرەو ڕووم هەڵداو جارێکی تر خوێندمەوە بەناونیشانی (( پۆستە خراپەکە))، تێیدا هاتبوو:

خاتوو سوزان کوشنگ، کەلەشەقامی کرۆس لەکرۆیدن دەژی قوربانی گاڵتەیەکی قێزەونی سەیرە، کەبەرگێکی خراپ بۆڕووداوەکە نادۆزینەوە. کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ پۆستەیەکی پێگەشتووە کەخۆی لەسندوقێکی بچوکی ڕووپۆشکراو بەکاغەزی قاوەیی دەبینێتەوەو، لەناویشیدا زەرفێکی پڕ لەخوێی تێدابووە، توشی تۆقان بووە کاتێک دووگوێی تێدا بینیوە وادیاربووە تازە لەسەری خاوەناکانیان کراونەتەوە! سندوقەکە ڕۆژێک پێشتر لەپۆستەخانەی بلفاست نێردراوە، هیچ سەرچاوە وبەڵگەیەکیش لەسەرنێردراوەکە نییە.

بابەتەکەش تابێت سەیرتر دەبێت کاتێک بەوەدەزانین خاتوو" سوزان کوشنگ" خانمێکی سەڵتی پەنجا ساڵەیە وبەتەنها دەژی وناسیاوەکانیشی دیاری کراون تاگومان بکرێت شتێکی لەوشێوەی بۆبنێردرێت، بۆیە دەگمەنە لەپۆستەوە شتێ بۆبێت. کاتێک لە بانگ بووە پێش

چەند ساڵێك بەكرێ ماڵەكەی داوە بەسێ خوێندكاری بەشی پزیشكی بەڵام دەری كردون بەهۆی ژاوە ژاو و نارێكیان، پۆلیسیش پێی وایە ئەم تاوانە لەلایەن ئەم گەنجانەوە كراوە؛ دەیانەوێت لەرێگەی ئەم كارەیانەوە ئازاری خاتوو " كوشنگ" بدەن، راستی ئەم بۆچونەش دەگەرێتەوە بۆئەوەی یەكێك لەخوێندكارەكان ئێرلەندییەو پۆستەكەش لەبلفاستەوە هاتووە وخاتوو "كوشنگ" لەوێ بووە.

لەئێستادا بەشێوەیەكی چالاك لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێت، بەرپرسی دۆسییەكەش بەرێز " لیستراد"ە، یەكێكە لەزیرەكترین لێكۆڵەرەوەكان.

كاتێك تەواوبووم لەخوێندنەوەی هۆڵمز وتی: رووداوەكان بەوشێوەیە كەرۆژنامەی دەیلی كرونیكڵ گێراویتیەوە، بائێستاش گوێ لە" لیستراد" بگرین، ئەم بەیانیە ئەم نامەم پێگەشتووە دەڵێ:

پێم وابێت ئەم دۆسییەیە لەبواری تۆیە؛ هیواداربووین شتێك بدۆزینەوە بەڵام هەركات دەست بۆشتێك دەبەین توشی ئاستەنگ دەبین، بێگومان بروسكەیەكمان بۆپۆستەحانەی بلفاست ناردووە، بەڵام بەبەدبەختی لەورۆژەدا پۆستەیەكی زۆر وەرگیراون، هیچ رێگایەك نییە بۆدۆزینەوەی خاوەن پۆستەكە، ئەوسندوقەی نێرداوە كێشەكەی چارەكێك دەبێت، بەهەرحاڵ

زۆر یارمەتیدەر نابێت ئەم زانیارییە، هێشتا بۆچوونی خوێندکارەکەم لام پەسەندە، بەڵام دڵخۆشەبم لەوێ بتبینم، یالەماڵەوە ئەبم یان لەبنکەی پۆلیس.

دواتر هۆڵمز وتی: ڕات چییە واطسۆن؟ ئەتوانی بەرگەی گەرما بگریت ولەگەڵم بێیت بۆکرویدن تاوەکو دۆسیەیەکی دیکە بۆخۆت زیادکەیت؟

- زۆر تامەزرۆم تاوەکو کارێك بکەم.
- کەواتە بەدەستی دێنیت. بدە لەزەنگی دەرگاکان وداوای گالیسکەیەك بکە، یەك خولەك خۆم دەگۆڕم ودەگەڕێمەوە.

* * *

کاتێك لەشەمەندەفەرەکە بووین باران بەلێزەمە دەباری، گەرماکەی کرویدن لەچاو شارەکانی دیکە کەمتر بوو. هۆڵمز پێش وەختە بروسکەیەکی ناردبوو، لەوێستگەکە لیستراد چاوەڕوانمان بوو، پیاوێکی لاوازی چوست وچالاک بوو لەئاژەڵی ڕاو دەچوو!

پێنج خولەك بەڕێگاوە بووین تاگەشتینە شەقامی کرۆس ئەوشەقامەی خاتوو " کوشنگ" ی لێیە. شەقامێکی زۆر درێژ بوو ماڵەکانی دوونهۆمی لەبەرد دروستکراوبوون، دەتوانی بەئاسانی

هەســت بەبەردە ســپییەکان بــکەی کەچەنــد بەجــوانی وڕێکـــــی ڕیزکـــــراون، کۆمەڵێـــــك خـــــانم لەبەردەم ماڵەکانیان مقۆمقۆ یەکیان دروست کردبوو .

لەناوەڕاســـــتی شـــــەقامەکە "لیســـــتراد" لەیەکێـــــك لەدەرگاکـــانی دا، خزمەتکـــارێکی بـــاڵا بچـــوك ڕێنـــوێنی کـــردین بـــۆژووری پێشـــەوە کەخـــاتوو " کوشـــنگ" ی لێبوو.

ئـــافرەتێکی لەســـەرخۆی چـــاو گەورەبـــوو، ڕوپۆشـــێکی چنـــراوی پێبـــوو، کاتێـــك ئـــێمەی بینـــی لەنـــاو ســـەبەتە ڕەنگـــاوڕەنگەکەی کورســـییە بێـــێ بـــاڵەکەی تەنیشـــتی نـــا.

کاتێـــك " لیســـتراد" خـــۆی کـــرد بەژوورا وتـــی: ئەم شـــــتە پیســـــانە درووربـــــخەرەوە لێـــــرە....... لەژوورەکەی دەرەوەیە.



- واکەم خـــاتوو " کوشـــنگ". لێـــرە پاراســـتوومە تـــاوەکو بەڕێـــز "هـــۆڵمز" لە ئامادەبوونتـــدا ببینیت.

- بۆچی لە ئامادەبوونی من گەورەم؟
- لەوەیە پرسیارت لێبکات.
- سوودی چییە پرسیارکردن خۆ پێم وتن هیچ شتێك لەبارەیەوە نازانم؟

"هۆڵمز" بەشێوەیەکی ئارام وتی: بەتەواوی خانمەکەم، گومانم لەوەنییە ئەوەندەی بەس بێت وەڕس بویت بەهۆی ئەم کێشەیەوە.

- بەدڵنیاییەوە گەورەم، ئافرەتێکی ئارامم وژیانێکی تەنها ئەژیم، پێشتر ناوم لەهیچ ڕۆژنامەیەك بڵاونەکراوەتەوە وپۆلیسیش نەهاتۆتە ماڵەکەم. ڕێگەنادەم ئەم کردەوانە خۆیان بەئێرەدا بکەن گەوەم، ئەگەر دەتەوێت بیان بینیت پێویستە بڕۆیتە خانەکەی دەرەوە.

خانەیەکی بچوك بوو لەدواوەی ماڵەکەوە، " لیستراد" ڕۆشتە ژوورەوە وسندوقێکی ڕووپۆشکراو بەکاغەزی زەردو کاغەزێکی گەورەو پارچەیەکی قوماشی هێنا. هەموومان ڕۆشتین لەسەر کورسیەك لەکۆتایی ڕاڕەوەکە دانیشتین " هۆڵمزیش" یەك بەیەکی ئەوکەرەستانەی ئەپشکنی کە "لیستراد" پێی دابوو.

دەزووەکەی لەبەردەم ڕووناکییەکە بەرزکردەوەو بۆنی کرد، وتی: گوریسێکی کورتی سەیرە. ڕات چییە لەسەری "لیستراد"؟

- پچڕاوە.
- بەتەواوی، پارچەیەکی بچڕاوە لەگوریسێکی چنراو، بێگومان تێبینی ئەوەم کرد خاتوو "

کوشنگ" بەمەقەسەت گوریسەکەی بڕیەوە ئەوەش بەڕوونی بەسەرەکانیەوە دیارە، خاڵێکی گرنگە.

لیستراد: هیچ گرنگییەکی تێدانابینم.

- گرنگییەکەی لەوەدایە ملوانکەکە بەسەلامەتی ماوەتەوە، ئەم ملوانکە نەژادێکی تایبەتی هەیە.
- بۆینباخێکی وردە، تێبینیەکیشم بەومانەوەوە نوسی.

هۆڵمز بەپێکەنینەوە وتی: قسەکردن لەسەری بەسە. ئێستا بابێینە سەر بەرگی سندوقەکە، لەکاغەزی بونی دروستکراوە بەڕوونی دیارە بۆنی بونی لێدێت. تێبینیت نەکردبوو؟ هیچ گومانێکی نییە. دەربارەی ناونیشانەکەش بەجۆرێك لەجۆرەکان پیتەکانی بەنارێکی نوسراوە ببینە" خاتوو س کوشنگ، شەقامی کرۆس، کرویدن". بەقەڵەمێکی پان ومرەکەبێکی زۆر تەڕ نوسراوە، وشەی " کرویدن" لەسەرەتادا هەڵەی ئیملای هەبووە دواتر چاککراوەتەوە. پۆستەکەش پیاوێك ناردویەتی چاپێکی تایبەتی ئێرلەندییە، ئاستی فێربونیشی دیاری کراوەو شاری کرویدن یش بەباشی شارەزا نیە. هەتاوەکو ئێستا ئەمانە ڕوونن، سندوقە زەردەکەش کێشەکەی چارەکێك دەبێت هیچ شتێکی گرنگی نییە بێجگە لەشوێنی ئەودوو پەنجەی لەلای چەپی خوارەوەی سندوقەکەیە، پڕ لەخوێی ناچارەسەرە بۆپاراستنی

پێستێکی لەبەر خۆر سوتاو؛ ئەم کەرەستە سەیرانە لەناویدا بووە.

بەدەم قسەکردنەوە گوێچکەکانی دەرهێناو کارتۆنێکی لەسەر ڕانەکانی داناو بەوردی دەیپشکنی، من و " لیستراد" یش جارێک سەیری کارتۆنەکەمان دەکردوو جارێکیش سەیری هاوڕێکەمان.

لەکۆتایدا گەڕاندنییەوە شوێنی خۆیو بۆماوەیەك




لەهیوایەکی قوڵدا دانیشت، لەکۆتایدا وتی: بەدڵنیاییەوە توانیم تێبینی ئەوەبکەم گوێییەکان هاوشێوە نین؟

- بەڵێ، تێبینیم کرد، بەڵام ئەگەر گاڵتەیەك بێت لەلایەن هەندێك خوێندکاری توێکاری هەروەك چۆن ئاسانە دوو جووت گوێ بەدەست بێنن ئاواش ئاسانە هاوشێوەیەك بەدەست بێنن.
- بەتەواوی، بەڵام ئەمە گاڵتەنییە.
- دڵنیایی؟

- هەســـــتەکان بەتەواوی جیـــــاوازن دەربـــــارەی؛ لەتوێکـــــاری بۆپاراســـــتنییان جـــۆرە شـــــلەیەك بەکـــاردەهێن ، بەڵام ئەم دووگـــوێییە هـــیچ جـــۆرە ئاســـەوارێکی لەوجـــۆرە شـــلەیە پێـــوە نیـــیە ونـــوێن وبە کەرەســــــتەیەکی نــــــاتیژ بــــــڕاون، ئەوەش کـــارێکە ڕوونـــادات ئەگەر خوێنـــدکاری پزیشـــکی کردبێتیـــان، مـــورفلین وکحـــوڵی پـــاڵاوتە وەکـــو ماددەیەکی پارێزەر دەرەوەکەون نەك خوێ .

کەمێـك بێـدەنگ بـوو دواتـر وتـی: دووبـارەی کەمەوە هـــیچ گـــاڵتەیەك لێـــرەدا نیـــیە، ئێمەلەدۆســـییەکی مەترسیدار دەکۆڵینەوە.

کاتێـك گـوێم بۆقسـەکانی هەڵخسـتبوو موچـوڕکەیەکی نـــامۆ بەلەشـــمدا هـــات، ڕوانینێکـــی زۆر هەتەریـــانە [1]ڕووخســـاری داگیـــر کردبـــوو، ئەم ســـەرەتا خـــراپەش لەوەدەچـــوو چـــاوی بەشـــتێکی ترســـناك کەوتبێـــت و توانـــــای ڕوونکـــــردنەوەی نەبێـــــت، " لیســـــتراد" بەشـێوەیەك سـەری بـادەدا دیـاربوو هێشـتا قەنـاعەتی نەهێنابوو.

وتـــی: هەنـــدێك نـــاڕەزاییم هەیە لەســـەر ئەم بۆچـــۆنی گـــاڵتەکردنە بـــێ گومـــان، مشـــتومەڕەکانی پێشـــووتر زۆر بەهێزتـــرن لەچـــاو بۆچـــۆنە تازەکـــان، ئـــێمە دەزانـین لەمـاوەی بیسـت سـاڵی ڕابـردوودا ئـافرەتەکە ژیـــانێکی ئـــارام وڕێـــزدارانە لە بانـــگ ژیـــاوە، یەك ڕۆژیـش چیـیە لەمـاڵەکەی دوور نەکەوتـۆتەوە، ئیتـر بـــۆچی تاوانبارێـــك بەڵگەیەکـــی لەوشـــێوەیە بـــۆ

---

[1] هەتەری= جدی.

بێزارکردنـــــی بنێرێـــــت؟ ئەویـــــش لەئـــــێمە زیـــــاتر لەبارەیەوە نازانێت.

هـــۆڵمز وتـــی: ئـــێمەش ئەبـــێ ئەوە چارەســـەربکەین. لەلای خـــــۆمەوە دەســـــت پێـــــدەکەم ووای دادەنـــــێم تاوانێکی کۆ ڕوویداوە.

یەکێـــك لەگوێیەکـــان هـــی ئـــافرەتە؛ بچـــوك وردە، گـــوێیەکە کـــونی گـــوارەی پێـــوەیە. بەڵام ئەوەکەی تـــر هـــی پیـــاوە؛ بەهـــۆی بەرکەوتنـــی خـــۆرەوە ڕەنگـــکەی گـــۆڕاوەو ســـووتاوە، بەهەمـــان شـــێوە کـــونی گـــوارەی پێـــــوەیە. ئەم دووکەســـــە ئەکرێـــــت مـــــردبێتن ئەگەر وانەبـــوایە پێشـــتر هەواڵمـــان دەربارەیـــان دەبیســـت لەڕۆژنامەکـــان. ئەمـــڕۆ هەینـــیە، پۆســـتەکەش بەیـــانی ڕۆژی پێـــنج شـــەمە نێـــردراوە کەواتە ئەم کارەســـاتە ڕۆژی چوارشـــەمە یـــان ســـێ شـــەمە ڕوویـــداوە یـــان پێشـــتر ڕوویـــداوە، ئەگەر ئەم دووکەســـە کـــوژرابێتن بکـــــوژەکە بـــــۆچی نیشـــــانەیەکی وا بۆخـــــاتوو "کوشـــنگ" دەنێرێـــت؟ ئەبـــێ بکـــوژەکە بـــدۆزینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــداو ئەبێـــت هۆکـــارێکی بەهێـــزی هەبێـــت بـــۆئەم کـــارەی، ئەبـــێ هۆکـــارەکەی چیبێـــت؟ ئەکرێـــت بـــۆئەوە بوبێـــت ئاگـــاداری بکـــاتەوە لەبابەتێـــك و بڵێـــت ڕوویـــدا، یـــان بۆئـــازاردان، لەم حـــاڵەتەدا خـــاتوو" کوشـــنگ" دەزانێـــت کێـــیە. ئـــاخۆ بەڕاســـتی دەیناســـێت؟ گۆمـــانم هەیە، ئەگەر دەیناســـێت بـــۆچی بـــانگی پۆلیســـی کـــردووە؟ ئەیتـــوانی جـــووتە گوێیەکـــان بنێژێـــــت بەبـــــێ ئەوەی کەس پێـــــی بزانێـــــت! ئەگەر بیویســـتایە تـــاوانەکە بشـــارێتەوە وایـــدەکرد، نـــاوەکەی ئەوت ئەگەر بیویســـتایە ئاشـــکرا بێـــت. لەم دۆســـییەدا کەموو کوڕییەك هەیە ئەبێت چارەسەری بکەین.

بەدەنگـــــی بەرز قســـــەی دەكــــرد و لەكـــــاتی قسەكردنیشـــدا لەوەمەودایـــیەی دەڕوانـــی كەلەســـەر تێـــل بەنـــی بـــاخچەكەبوو، دواتـــر ئەزنەكێكـــی داو هەســتا بەرەو مــاڵەكە بەڕێــكەوتەوە ووتــی: هەنــدێك پرسیارم لەخاتوو "كوشنگ" هەیە.

لیســتراد وتــی: لێــرە بەجێــت دەهــێڵم خۆشــم هەنــدێك كـــارم هەیە، پـــێم وانـــیە شـــتێكی نـــوێ لەخـــاتوو " كوشـــــنگ" وەچنــــگ خەم. لەبــــنكەی پـــــۆلیس دەمدۆزیتەوە.

هـــــۆڵمز وەڵامــــی دایەوەو وتــــی: بەدەم ڕێگـــــای شەمەندەفەرەوە دەتدۆزینەوە.

دوای خولەكێـــك گەڕایـــنەوە ژوورەكـــانی پێشـــەوە خـــاتوونە لەســـەرخۆكە ســـەرقاڵی چنـــین بـــوو، كاتێـــك وەژوور كەوتـــین خســـتییە لاوە وبەدوو چـــاوی شـــینی ڕاســـتگۆییانە لێـــی دەڕوانـــین. وتـــی: گەورەم مـــن دڵنیـــام هەڵەیەك هەیە وپۆســـتەكە هەرگیـــز بـــۆمن نەنێـــردراوە، چەنـــد جـــارێكیش بەپۆلیســـم وتـــووە، بەڵام گـــاڵتەی پێكـــردم! وەكـــو ئەوەی خـــۆم بـــزانم هـــیچ دوژمنـــێكم نیـــیە، ئیتـــر بـــۆچی كەســـێك شـــتێكی لەوشێوەیەم لەگەڵ بكات؟

هـۆڵمز لەتەنیشـتی دانیشـتوو وتـی: خـانمەكەم منـیش هەمان ڕای تۆم هەیە، لەگریمانیش زیاترە.

دواتـــر بێـــدەنگییەك ژوورەكەی داگیـــر كردبـــوو، بەوردیـــیەوە دیقەتـــی ڕووكـــاری لایەكـــی ڕووخســـاری خـــــاتوو "كوشـــنگ" ی دەدا، بۆســـاتێك دەمتـــوانی نیشـــانەی سەرســـامیو وقایـــل بـــوون بەڕووخســـارە شـــێواوەكەیەوە ببیـــنم، بەوردی دیقەتـــی پـــرچ وكـــڵاوە

ڕێـــکەکەی وجـــووتە گـــوارە ئاڵتونییەبچوکەکـــان وڕووخســـــــــارە لەســـــــــەرخۆکەی دەدا، بەڵام لەدەربڕینی ڕووخساری هاوڕێکەم نەدەگەشتم.

پێی وت: پرسیارێك دووانم هەیە.....

خـاتوو " کوشـنگ" گەشـتبووە ئەوپەڕی بـۆ ئـارامی و هاواری کرد: وەڕس بووم لەپرسیار!

- وابزانم دوو خوشکت هەیە، وایە؟
- چۆن زانیت؟
- لەوســاتەی لەڕاڕەوەکە هــاتمە ژوورەوە تێبینـــی ســـێ وێـــنەی ســـێ خـــانمم کـــرد، بێگومـــان یەکێکیـــان خـــۆتی، دووانەکەی تـــریش زۆر لەتـــۆ ئەچـــوون گومـــانی تێـــدانەبوو خزمـــایەتیەك لەنێوانتاندا هەیە.
- بەڵـــــــێ، ڕاســـــــتەکەیت؛ ئەوان" مـــــــاری "و"سارە"ی خوشکمن.
- لێــرەش وێنەیەکــی دیــکەی لێــیە، لە لیڤەرپــوڵ گیـــراوە هـــی خوشـــکەکەت " مـــارییە" لەگەڵ پیاوێکـدا بەجلەکـانی ڕادیـارە دەریـاوانە، ئەتـوانم تێبینـــــی ئەوەکەم لەوکـــــاتەدا هاوســـــەگیری نەکردووە.
- تۆزۆر خێرایی لەتێبینی کردندا.
- کاری خۆمە.
- باشـــە، دووبـــارە ڕاســـتەکەیت، بەڵام دوای چەنـــد ڕۆژێـــك هاوســـەرگیری لەگەڵ بەڕێـــز براونـــر کـرد، لەســـەر هێڵـی ئەمریکـای باشـوور کـاری دەکـــرد کاتێـــك ئەو وێـــنەیەی گـــرت، زۆر خۆشیەویســـت بۆمـــاوەیەکی درێـــژ نەیـــدەتوانی وازی لێبهێنێـــــــت، ڕۆشـــــــت لەســـــــەر

ئەوکەشـــتییەکاری دەکـــرد کەلەنێـــوان لەنـــدەن و لیڤەرپوڵ کاری دەکرد

- اە، لەوەیە کەشتی (( کونکرور)) بێت؟
- نـــا، بەڵکـــو (( مایـــدای)) بەپێـــی ئەوەی کۆتاجـــار بیســـتم. جارێـــك بەڕێـــز " جـــیمس براونـــر" هـــات بـــۆئێرە بـــۆبینیم، پـــێش ئەوەی ڕێکەوتـــنەکە بشـــــکێنێت، بەڵام دواتـــــر هەرکە بگەشـــــتایەتە دەرەوە دەیخـــواردەوە، کەمێـــك شـــەڕاب شـــێتی دەکـــــرد! اە، ئەوڕۆژەی جـــــارێکی تـــــر گەڕایەوە بۆخـــــــواردنەوە ڕۆژێکـــــــــی تەواو خـــــــــراپ وکارەســـات بـــوو، هـــاتوچۆی منـــی بـــڕی ودواتـــر لەگەڵ خوشـــــکەکەم" ســـــارە" بەشـــــەڕ هـــــات. ئێســـتاش "مـــاری" چیتـــر نـــامەم بۆنانێرێـــت نـــازانم حاڵی چۆنە وچییەکات؟ هیچی لێنازانم.

دیـــاربوو ئەم بابـــاتەکە لەهەســـتی خـــاتوو" کوشـــنگ" ی دابـــوو، وەکـــو هەنـــدێك لەخەڵکـــی هەســـتی بەشـــەرم دەکـــــرد کەبەتەنهـــــا دەژی، بەڵام دواتـــــر زیـــــاتر ڕاشـــــکاوانەتر بـــــوو و وردەکـــاری زیـــاتری لەســـــەر مێـــردە دەریـــاوانەکە درکانـــد دواتـــریش باســـی دوو کـــرێچییە پێشـــوەکەی دەکـــرد کەخوێنـــدکاری پزیشـــکی بـــوون، چەنـــدین نمـــوونەی لەســـەر کـــارە خراپەکـــان وناویـــان وشـــوێنی کارەکەیـــان پێـــداین، "هـــۆڵمز" زۆر بەوردی گـــوێی لەهەمـــوو شـــتێك دەگـــرت ناوبەنـــاویش پرسیاری لێدەکرد.

وتـــی: دووبـــارە ئەمەویـــت ســـەبارەت بە"ســـارە"ی خوشـــــکت بپرســـــم. ئێـــــوە کەهاوســـــەرگیریتان نەکردووە چۆن پێکەوە ناژین؟

- اه، تۆنــــازانی " ســـــاره" چـــۆنه، کاتێـــك هـــاتم بۆکرویـــدن هەوڵـــم دا لەگەڵـــی بـــژیم وپـــێکەوە بۆمـــــاوەی دوومانـــــگ پـــێکەوە ژیـــاین هەتـــا ئەوکـــاتەی ناچـــاربووین جیـــاببینەوە. نـــامەوێ خـــراپ بـــبم لەگەڵ خوشـــکەکەم بەڵام کەســـێکی فزوڵەو ڕازیکردنی گرانە.
- ئەڵێیـــــت لەگەڵ خوشـــــــکەکەت ومێـــــردەکەی لەلیڤەرپوڵ شەی کردووە؟
- بەڵـــــێ، لەگەڵ ئەوەی هەتـــــا ئەم نزیکـــــانەش پەیوەنـــدی لەگەڵیـــان باشـــبوو، ڕۆشـــت بـــۆئەوەی لەلیڤەرپـــــوڵ لەنزیکیـــــان بـــــژی، بەڵام ئێســـــتا بەئەســـتەم وشـــەیەك بـــدۆزێتەوە تـــاوەکو وەســـفی " جـــیمس براونـــر" بکـــات، لەشـــەش مـــانگی ڕابـــــرووودا بـــــێجگە لەکـــــارە خراپەکـــــانی و خواردنەوەکـــانی هیچـــی تـــری باســـــنەکردووە، دیـــــارە لەشـــــتێکدا خـــــۆی هەڵقورتانـــــدووە کەپەیوەنـــــدی بەوەوە نەبـــووە وبۆچـــونی ئەوی گـــوێ لێبـــووە، بەمشـــێوەیە پـــێم وابێـــت دەســـتیان بەشەڕ کردبێت.


کاتێـــك "هـــۆڵمز" دەڕۆشـــتە دواوە ودەهـــاتە پێشـــەو بەچەمیـــنەوە، وتـــی: ســـوپاس خـــاتوو" کوشـــنگ"، وتـــت خوشـــکەکەت لەنیوســـترین لەواڵنگتـــۆن دەژی وەکـــو ئەوەی بیـــرم بێـــت. ماڵئـــاوا، زۆربەداخەوەم بـــۆئەو نـــاڕەحەتییەی بەهـــۆی دۆســـییەکەوە دەیچێـــژی لەگەڵ ئەوەی وتت هیچ پەیوەندی بەتۆشەوە نییە.

*　　　*　　　*

کاتێـك هـاتینە دەرەوە گالیسـاکەیەك بەلامانـدا تێـپەڕی " هـــۆڵمز" وەســـتاندی لێـــی پرســـی: واڵنگتـــۆن چەندێك دوورە؟

- تەنها یەك میل گەورەم.
- نایـــابە، ســـواربە واطســـۆن، هەتـــا ئاســـنەکە گەرمە بـــــــابیکوتین، ســـــــــەڕەڕای ئەوەی دۆســـییەکە ســـادەیە بەڵام هەنـــدێك وردەکـــاری زۆر گرنگـــــی تێـــدایە، لەســـــەر ڕێگـــــا لای پۆستەخانەیەك بوەستە شۆفێر.

هـــۆڵمز بروســـکەیەکی کـــورتی نـــاردوو، دواتـــر ســـــواری گالیســـــکەکە بـــوو بەدرێژایـــــی ڕۆژەکە کـــڵاوەکەی لەســـەر ڕووخســـاری نـــابوو تـــاوەکو تیشکی خۆر بەری نەکەوێت.



لەکۆتایـدا شـۆفێرەکە لەبەردەم ماڵێکـدا وەسـتا ڕێـك هاوشـــێوەی ئەوەی پێشـــوو کەلێـــی دەرچـــوین، هـــاوڕێکەم فەرمـــانی پێکـــرد چاوەڕێمـــان بکـــات، دەسـتی بـرد لەدەرگـا بـدات لەپـڕ گەنجێکـی ڕێـزداری

جـل ڕەشـــی کـــڵاو درەوشـــاوە وەدەرکەوت. هـــۆڵمز وتی: خاتوو "کوشنگ" لەماڵە؟

وتـــی: خـــاتوون زۆر نەخۆشـــە لەدوێنـــێ شـــەوەوە بەدەســـــت ســــەرییەوە دەنــــاڵێنێ، منـــیش وەکـــو- پزیشـــــکی بەرپـــــرس- نـــاتوانم بەرپرســـــیارێتی چـــاوپێکەوتنی لەئەســـتۆ بگـــرم، ئامۆژگاریتـــان دەکەم دوای دە ڕۆژ جارێکی دیکە بێنەوە.

دواتـــر دەسکێشـــەکانی لەدەســـت کـــردوو وردە وردە لەشـــــــەقامەکە دوور دەکەوتەوە، " هــــــــۆڵمز" بەخۆشـــحاڵییەوە وتـــی: مـــادام نـــاتوانین بیبینـــین هیچمان لەدەست نایە.

- ئەگەر بیشـــمان توانیبـــایە ئەویـــش لەوەزیـــاتری پێنەدەکرا.
- نەمەویسـت هـیچم پێبڵێـت؛ تەنهـا ویسـتم بیبیـنم، بەهەر حـــاڵ ئەوەی ئەمویســـت بەدەســـتم هێنـــا. باشـــۆفێرەکە بمـــان بـــات بۆهـــۆتێلێکی بـــاش تـــاوەکو نـــانی نیـــوەڕۆ بخـــۆین، دواتـــر دەڕۆیـــن بۆلای " لیستراد"ی هاوڕێمان لەبنکە.

* * *

ژەمێکـــی بەتامـمـــان خـــوارد، لەکـــاتی نانخواردنـــدا "هـۆڵمز" بـێجگە لەکەمـانەکەی کەئێسـتا پێـنج سـەد جونیەدەکـات لەکاتێکـدا خـۆی بەپەنجـاو پێـنج شـل لەبازرگـــانێکی تۆتنهـــامی کڕیـــوە هیجـــی تـــری نەدەوت! ئەم بـــابەتەش ســـەری بـــۆ ژەنیـــاری بەناوبانـــگ " باگـــالیتی" کێشـــا، کاتژمێرێـــك

دانیشتین" هۆڵمز" چیرۆك لەدوای چیرۆك باسی ناوازەی ودەگمەنی ئەم ژەنیارەی دەکرد.

دوای نیوەڕۆ گەشتینە بنکە "لیستراد" لەبەردەم بنکەکە چاوەڕێمان بوو،وتی: بروسکەیەك چاوەڕێت دەکات بەڕێز" هۆڵمز".

- بەڕاستە؟ وەڵامە.

بەخێرایی کردییەوە وچاوێکی پیاخشاند، دواتر لەگیرفانی نا ووتی: زۆر باشە.

- شتێکت بۆئاشکرابووە؟
- هەموو شتێك.

" لیستراد" بەسەرسامییەوە لێی دەڕوانی ووتی: چی؟! گاڵتەدەکەی.

- هەرگیز ئەوەنە بەهەتەر نەبوومە لەژیانمدا؛ تاوانێکی قێزەوەن کراوە، پێشموابێت هەموو وردەکارییەکانم بۆئاشکرا بووە.
- ئەی تاوانبار؟

" هۆڵمز" چەند وشەیەکی لەسەر کارتێك نوسی وبۆ" لیستراد" ی هەڵداو وتی: ئەوەناوەکەیەتی، بەڵام بەلایەنی کەمەوە هەتا سبەینێ ئێوارە ناتوانی دەستگیری بکەی. باشترە لەبارەی ئەم دۆسییەوە ناوی من نەهێننیت هەرگیز، پێم باشترە ناوم بەدۆسییەکەوە ببەسترێتەوە چارەسەرکردنی ئەستەم بێت. دەی بێ " واطسۆن".

دواتر بەرەو ویستگەی تارکین بەڕێ کەوتین هێشتا " لیستراد" لەدوامانەوە بەپێکەنینەوە لەوکارتەی دەڕوانی کە "هۆڵمز" پێی دابوو.

* * *

شەوەکەی لەبەیەکەر چاییمان دەخوارد وقسەمان دەکرد لەپڕ هۆڵمز هەڵی دایە قسەکان ووتی: ئەم دۆسییە یەکێکە لەودۆسییانەی ناچارمان دەکات کەشیکردنەوەی پێچەوانەی بۆبکەین، بەجۆرێك لەئەنجامەکانەوە دەست پێدەکەین بۆئەوەی بگەین بەهۆکارەکان، بەتەواوی هەروەکو ئەودۆسیەیەی کەپێشتر بەناوی" هێمای چوار" تۆمارت کردبوو. نامەم بۆ "لیستراد" نوسی داوام لێکرد ئەو وردەکاریانەمان پێبدات کە پێویستمانە لەئێستادا کەبەدەستی ناهێنێن هەتا دوای گرتنی ئەو پیاوە، وەدڵنیاشم وائەکات، سەرەڕای ئەوەی لەناوچەی ئەوە کاتێك کەدەزانێت چیبکات وەکو سەگی ڕاو کەلە ڕەقە ، هەر لەبەر ئەوەشە کراوە بەسەرۆکی بەڕێوبردنی سکتلندیارد.

پرسیم: کەواتە دۆسییەکەت ناتەواوە؟

- کاملە لەئامرازە سەرەکییەکانی، ئەزانین کەکێ ئەم کارە قێزەونەی کردووە، سەرەڕای ئەوەی تائێستا یەکێك لەقوربانییەکانمان نەدۆزیوەتەوە.
- پێم وابێت گومانت لە " جیم براونر" هەیە؟
- بەڵکو لەگومان زیاتر.
- لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم هیج شتێك تێبگەم لەمانە بێجگە لەهەندێك ئاماژی بێ مانا.

- بەپـــێچەوانەی تـــۆوەم، بەلامەوە هەمووشـــتێك ڕوونە. بـــاپێکەوە هەنـــدێك هەنگـــاوی ســـەرەتا بچینـــەوە، وەکـــو ئەوەی بیـــرم بێـــت بەئەقڵێکـــی تەواو خـــــاڵییەوە ڕاســـــــتەوخۆ دەســـــــتمان بەکـــارکردن کـــرد لەم دۆســـییەدا، هەرئەوەش تایبەتمەنـــدییەتی، هـــیچ بۆچـــونێکی پـــێش وەختەمـــان ســـەبارەت بە دۆســـییەکە نەبـــوو؛ لەوێ بـــوین تـــاوەکو لەتێبینیەکـــدا بەڵگەکـــان کـــورت بکەیـــنەوە، یەکەم شـــت کەبینیمـــان چـــی بـــوو؟ خـــانمێکی ســـەنگینی بەڕێـــز بەری لەهەمـــوو نهێنـــیەك، وەوێنەکـــان ئەوەیـــان بۆدەرخســـتم کەدوو خوشـــکی بچـــوکتری لەخـــۆی هەیە.......

دواتـــر بەبیرمـــدا هـــات ئەوســـندوقە ئەبێـــت مەبەســـت لەیەکێکیـــان بێـــت. ئەوبیـــرەم خســـتە لاوە تـــاوەکو لەکـــاتی بەتاڵمـــدا دڵنیـــاببمەوە لێـــی، دواتـــریش وەکـــو ئەوەی بیـــرم بێـــت ڕۆشـــتین بـــــۆژووری دەرەوەی بـــــاخچەکە چەنـــــد کەرەســـتەیەکی تـــاك مـــان لەســـندوقە زەردەکە بینی.

گوریســـەکە لەوجـــۆرانە بـــوو کەدەریـــاوانی کەشـــتییەکان بەکـــاری دەهێـــنن، یەکســـەر هەســـتم کـــــرد کەدەریـــــا پەیوەنـــــدی بەلێکۆڵینەوەکەمـــانەوەهەیە، دواتـــر تێبینـــی گـــرێیەکەم کـــرد کەگرێیەکـــی بەربـــڵاوە لەنـــاو دەریاوانەکانـــدا وەپۆســـتەکەش لەبەنـــدەرە وەنێـــردراوە وگـــوێی پیـــاوەکەش کـــونی تێـــدابووە بێگومـــان بۆگـــوارە بـــووە، ئەوەش بەهەمـــان شـــێوە کـــارێکی بەربـــڵاوە لەنـــاو دەریاوانەکـــان،

دڵنیابوومەوە هەرکەس پەیوەندی بەدەریاوە بێت دەتوانین لەدۆسییەکەدا بەشداری پێبکەین وبیدۆزینەوە.
کاتێك سەیری ناونیشانەکەم کرد بینیم نێردراوە بۆخاتوو " س. کوشنگ"، بێگومان ئەکرێت خوشکە گەورەکەی بێت بەپێی ناونیشانەکە کەبۆی نێردراوە بەڵام هەمان شت لەسەر خوشکەکەی دیکەشی جێگیردەبێ، لەم بارودۆخەدا پێویستە بەتەواوی لەسەرەتاوە دەست بەلێکۆڵینەوە بکەین، بەنیەتی ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە ڕۆشتم بۆماڵەکەی دیکە. خەریکبوو خاتوو" کوشنگ" م دڵنیادەکردەوە کە هەڵەیەك لەگۆڕ هەیە، لەوەیە بیرت بێت کاتێك لەناکاو وەستام، لەڕاستیدا شتێکم بینی کەزۆر سەرسامی کردم، لەوکاتەدا ولەوهەلە تەسکەدا زۆر گەڕاین.
تۆ پزیشکی" واطسۆن"، بۆیەئەبێ درك بەوەبکەی کەگوێی مرۆڤ جیاوازترین بەشی جەستەی مرۆڤە کەهەیە؛ گوێی هەریەکێکمان لەوی تر جیاوازە، ئەوە یاسایە، لەچەند ساڵی ڕابردوودا لەگۆڤاری (( زانستی مرۆڤ)) دوولێکۆڵینەوەی کورت بەقەڵەمی من دەدۆزیتەوە کەلەسەر ئەم بابەتە نوسیومە. بەم شێوەیە دووگوێیەکە کەلەم سندوقەیە بەشارەزای خۆم بەوردیی پشکنینم بۆکرد، سەرسام بووم کاتێك بینیم یەکێك لەگوێیەکان بەتەواوی لەگوێی خاتوو" کوشنگ" دەچێت!

بـــابەتەکە دوور بـــوو لەوەی بڵێـــین ڕێکەوتێـــك بێـــــت، هەمـــــان شـــــێوە کـــــورتەکەی دەرەوە وکڕکـــــڕاگەکەی نـــــاوەوەی گـــــوێی هەبـــــوو. لەهەمـــــوو ڕوویەکەوە هەمـــــان نیشـــــانەکانی گـــوێیەکی بـــوو. بێگومـــان گرنگـــی ئەوتێبینیەشـــم زانـــی، ڕوون بـــوو کەقوربـــانییەکە پەیوەنـــدییەکی خزمـــایەتی نزیکـــی لەگەڵ خـــاتوو " کوشـــنگ" هەبـــووە، بێگومـــان لەخـــزمە نزیکەکانیشـــە، هەر لەبەر ئەوەش دەســــــتم بەقســــــەکردن کــــــرد دەربـــــارەی خێـــــزانەکەی، ئەگەر بیـــــرت بێـــــت وردەکاری زۆر گرنگی پێداین.

یەکەم شـــت یەکەم خوشـــکی کەدوای ئەم لەدایـــك بـــووە نـــاوی "ســـارە"یە هەتـــا کـــاتێکی نزیـــك هەمـــان ناونیشـــانی خـــاتوو" کوشـــنگ" یبـــووە، ڕوون بـــــووە وە کەچـــــۆن بەهەڵە پۆســـــتەکە نێـــــردراوە بۆخـــــاتوو "کوشـــــنگ"، دواتـــــر دەربـــارەی زاواکەی شـــتمان بیســـت، ئەوەمـــان زانـــی کەزەمانێـــك پەیوەنـــدییەکی قـــوڵ لەنێـــوان ئەوان وخاتوو"ســــارە" هەبــــووە، تەنــــانەت ڕۆشـــتووە بۆلیڤەرپـــوڵ بـــۆئەوەی لەنزیـــك ئەوان بمێنێتەوە، ناکۆکییەك جیایی کردونەتەوە.

ئەم نــــاکۆکییە بۆچەنــــد مانگێــــك پەیوەنــــدی لەنێوانیـــان وەســـتاندووە، بـــۆیە ئەگەر "براونـــر" هۆکـــارێکی هەبێـــت بـــۆئەوەی پۆســـتەکەبنێرێت بێگومان دەینێرێت بۆناونیشانە کۆنەکەی.

ئێســـــتا بەشـــــێوەیەکی زۆر نایـــــاب شـــــتەکان ڕوونـــــن؛ دەربـــــارەی ئەم دەریاوانەمـــــان زانـــــی، پیـــــاوێکی کـــــاردانەوە بەهێـــــزە، کارەکەشـــــی کەئەکرێـــت ئاســـتی بەرزبوبێـــت لەچـــاوژنەکەی

جێــــــــی هێشــــــتووە، توشـــــــی کــــــاریگەری خـــواردنەوەش ئەبێـــت. هۆکـــاری پێـــدام تـــاوەکو بـڕوام وابێـت ژنەکەی کـوژراوە، وەپیـاوێکی تـر لەهەمان کاتدا کوژراوە.

بێگومــان وەکـو غیرەکردنێـك ئەگینـا بـۆچی دەبـێ بەڵگەیەکـــی لەوشـــێوەیە بـــۆ خـــاتوو" ســـارە" بنێرێـــــــت؟ لەبەرئەوەی ئەکرێــــــت دەســــــتێکی هەبێـــت لەڕوودانــــی ڕووداوەکــــان وکاتێـــك لەلیڤەرپــوڵ بــووە هۆکارێــك بوبێــت بوگــۆڕان ڕووداوەکان بۆکارەسات.



ئەبــێ تێبینـــی ئەوەبـــکەی کەکەشـــتییەکانی ئەم هـــێڵە لە بلفاســـت ودبلـــن ودواتـــر فـــۆرد مەلەدەکەن، هەر لەبەرئەوەش ئەکرێـــــــــــــت"

براونــر" ئەم كــارەی كردبێــت ودواتــر بەكەشــتی مايـــدای ڕۆشـــتبێت، چـــونكە بلفاســـت تـــاكە بەنـــدەرە كەدەشـــێت پۆســـتەيەكی لەم شـــێوەيەی لێ بنێردرێت.
لەم قۆنـــاغەدا لەدۆســـييەكەدا گريمـــانێكی تـــر هەيە. ســـــــەرەڕای ئەوەی گريمـــــــانەكردنی بەشـــــێوەيەكی گەورە دوورە بەڵام ســـــووربووم لەســـــەری پـــــێش هەر بەرەوپێشـــــچونێكمان لەدۆســـــييەكەدا؛ كە عاشـــقێكی دۆڕاو بەڕێـــزو خــــــاتوو" براونــــــــر" ی كوشــــــتبێت، لەم بـــارودۆخەدا گـــرێييەكە هـــی مێـــردەكەيە. لەگەڵ ئەوەی ئەم بۆچـــــونەم زۆر نەرێيـــــانەيە بەڵام ئەشــــكرێت، بـــــۆيە بروســـــكەيەكم نـــــارد بۆهـــــاوڕێيەكم لە بـــنكەی پۆليســـی ليڤەرپـــوڵ وداوام لێكــرد بزانێــت ئــاخۆ خــاتوو "براونــر" لەمـــاڵە وبشـــزانێت بەڕێز"براونـــر" بەكەشـــتی مايـــــدای ڕۆشـــــتووە؟، دواتـــــر ڕۆشـــــتين بۆواڵنگتۆن بۆسەردانی خاتوو "سارە".
بەپـــلەی يەكەم زۆر فـــزوڵ بـــووم تـــاوەكو بـــزانم تاچەنــــد گـــــوێی خاتوو"ســـــارە" لەگــــوێ تـــايبەتەكەی خێزانەكەيـــان دەكـــات، بێگومـــان دەيتـــوانی زانيـــاری زۆر گرنگمـــان پێبـــدات، دڵنياشـــبووم وای دەكـــرد، بێگومـــان ڕۆژێـــك پێشـــتريش هەواڵەكەی بيســـتووە. تـــاكە كەســـە بەبـــێ هـــيچ دوودڵيـــيەك خـــاوەن پۆســـتەكە بناســـــێتەوە، ئەگەر بيويســـــتايە يـــــارمەتی بەرقەراربـــوونی دادپەروەری بـــدايە بەلايەنـــی كەمەوە پەيوەنـــدی بەپۆليســـەوە دەكـــرد. بەهەر حـــاڵ ئەركـــی ئـــێمە بـــوو بيبينـــين، هەر لەبەر

ئەوەش ڕۆشــتین؛ هەواڵــی پۆســتەکە بەجۆرێــك کــاری لێکردبــوو توشــی تــای مێشــك ببــوو، لەبەرئەوەی نەخۆشــییەکەی لەهەمــان ڕۆژی ڕووداوەکە بــوو. بەم شــێوەیە بــابەتەکە هەتــا دەهــات زیــاتر ڕوون دەبــووە وە، بەجۆرێــك درکــم بەوەکــرد هەر زوو لەئامــاژەو بەڵــگەی پۆســتەکە گەشــتووە، لەهەمــان کاتیشــدا زانــیم ئەبــێ چــاوەڕێ بکەیــن پــێش ئەوەی هەر یارمەتییەك لەوەوە وەربگرین.

لەگەڵ ئەوەشــدا ئــێمە زۆر لەوە لەپێشــتر بــووین تــاوەکو یــارمەتی لەوەوە وەربگــرین؛ لەبــنکەی پــۆلیس وەڵامەکــان چاوەڕێیــان دەکــردین ، داوام لە"ئــاڵگر" کــرد کەبینێرێــت، هــیچ شــتێکیش لەوەهەستیار نەبوو.

مــاڵی خــاتوو "براونــر" بۆمــاوەی ســێ ڕۆژ داخرابــوو، دراوســێیەکانیان،ئەویان بینیبــوو ڕۆشــتووە بۆباشــوور تــاوەکو ســەردانی خوشــکەکەی بکــات، لەنوســینگەکان لێکــۆڵینەوەی لەســەر کــراو دڵنیــاکرایەوە کە "برونر" بەکەشتی مایدای ڕۆشتووە.

لەوەش کــۆڵیەوەتەوە کەوا "برونــر" ســبەی ئێــوارە دەگــاتە بەنــدەرەکە، ولەکــاتی گەشتنیشــی چــاوی بە"لیســتراد" دەکەوێــت، گومــانیش لەوەدا نییە ئەوکات وردەکاری زیاتر دەزانین.

*                    *                    *

پێشــبینیەکانی "شــێرلۆك" بــێ هیوایــانە نەبــوون، دوای دووڕۆژ زەرفێــك کە لەتێبینــی کــورت لەپشــکنەرەوە وچەنــد بەڵگەنــامەیەکی چــاپکراو

وكـــاغەزی گەورەی تێــدابوو بەدەســتی گەشــت. "هـــۆڵمز" ســـــەیری منــــی كــــرد و وتــــی: لە"لیســـــــتراد" ەوەیە، گرنگیشــــــــە بەلاتەوە كەبیبیستی لەوەی دەیڵێت:

ئازیزەكەم بەڕێز هۆڵمز،

ئەو پیلانەم جێبەجێكرد كەدامانابوو.......

لەودێــڕەدا "هــۆڵمز" بەپێكەنیــنەوە وتــی: ئــامرازی كۆ لێرەدا زۆر جوانە "واطسۆن" وانیە؟

دواتر بەردەوام بوو لەسەر نامەكە:

..... دوێنــێ ئێــوارە ڕۆشــتم بۆشۆســتەی ئەڵبــرت، ســـەركەوتین بەســـەر كەشـــتی مایـــدای كەمـــوڵكی كۆمپانیای لیڤەرپوڵ ودبلن ولەندەن ی بازرگانیە.

بەلێكـــۆڵینەوە بـــۆم ئاشـــكرا بـــوو دەریـــاوانێكی لێـــیە بەنـــاوی " جـــیمس براونـــر" وەكـــو كارمەنـــد لەوێ كاردەكـــات، ڕەفتارەكـــانی بەجۆرێـــك نائاســـایی بـــوون كەكـــاپتنكە ناچـــاربووە ەئەركەكـــانی خۆشـــبێت.كاتێك ڕۆشـــــتمە ژوورەكەی بینـــــیم لەســــــەر ســــــندوقێك دانیشــتووە وســـەری لەنێـــو دەســتەكانی غەرق بـــووە، بەبەهێــزی خــۆی ڕادەوشــاند گەنجێكــی بەهێــزی بــێ ڕیشـــی زۆر ئەســـمەر بـــوو لە" ئاڵـــدریگ" دەچـــوو، ئەوەی وایـــــــارمەتی دایـــــــن لەچارەســــــەركردنی دۆســـییەی ((جـــل شـــۆرە ســـاختەكە))، هەركە منـــی بینـــی زانـــی كـــارم چیـــیە وهەســـتایە ســـەرپێیەكانی؛ فـــیكەكەم لەســـەر لێـــوم بـــوو ویســـتم بـــانگی ئەودوو پۆلیســـە بـــكەم كەلەدەرەوە وەســـتابوون بۆیـــارمەتی ، بەڵام بـــــێ ڕۆح ونەفەس دیــــــاربوو زۆر بەئـــــــارامی


دەســـتەکانی هێنـــایە پێشـــەوە تـــاوەکو لەکەلەپـــچەی بکەم، دواتر لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە بۆزیندان.

سـندوقەکەش پێمـان وابـوو ئەکرێـت شـتێکی تێـدابێت تـــــاوەکو تاوانبـــــاری بکـــــات، بەڵام بـــــێجگە لە چەقـــۆیەکی تیـــژ کەزۆربەی دەریاوانەکـــان پێیـــانە هیچی تری نێدانەبوو.

بەهەرحـــــاڵ وتمـــــان زۆر پێویســـــتمان بەبەڵـــــگەی ترنـــابێ، کاتێـــك هێنامـــان ڕووخســـەتی وەرگـــرت تـــاوەکو دانپێـــدانان بکـــات، کارمەنـــدەکەش دەســـتی بەنوسـین کـرد، سـێ کۆپیمـان لەبەرگرتـووە دانەیەکـم بۆنـاردویـت. هەروەکـو ئەوەی وتـت دۆسـییەکی زۆر ســـادەبوو، لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆر سوپاســـگوزاری تۆم بۆهەماهەنگیت لەم لێکۆڵینەوەیە.

لەگەڵ باشترین هیوام، دڵسۆزت: لیستراد

هـــۆڵمز وتـــی :بەڕاســـتی لێکـــۆڵینەوەیەکی زۆر سـادەبوو، بەڵام سـەرەتا کاتێـك بـانگی کـردین بەوەی نەدەزانـی، بەهەرحـاڵ بـابینین بـزانین" جـیم براونـر" چۆن بەرگری لەخۆی کردووە.



ئەمە دانپێـــــــــــــــــــدانانەکەیە کەلەبەردەم پشـــکنەر"مۆنتگمری" لەبـــنکەی پۆلیســـی شـــادوێڵ دانی پێداناوە، بەمشێوەیە هاتووە:

-هیچ شتێکت هەیە بۆوت؟

- بەڵـێ، شـت گەلـی زۆر هەن ئەبـێ دانیـان پێـدابنێم، ئەتـــوانن لەســـێدارەم بەن یـــان وازم لێبێـــنن، هـــیچ بەلامەوە گرنـــگ نیـــیە، لەبەرئەوەی لەوکـــاتەوەی کـــردوومە گۆناکـــانم وشـــك نەبـــوون وپێشـــم وانـــیە جـــارێکی تـــر هەتـــا مـــردن خەو بمبـــاتەوە. هەنـــدێك ڕووخســـار دەبیـــنم، بەڵام زۆربەی جـــار ڕووخســـاری ئەودەبیـــنم، کـــاتم لێنـــاڕوات هەمیشـــە ڕووخســـاری یەکێکیـــان ئەبـــێ ببیـــنم، وەکـــو پەڵەیەکـــی ڕەش وایە، بەڵام کاتێـــــك ئەو نیشـــــانەی سەرســــــامی وبڕواپێنکـــراوەی لەســـەر نەخشـــنێرابوو.......ااههه، بـــونەرەوەرە بێتـــاوانەکە، سروشـــتییە سەرســـام بێـــت کاتێـــك مەرگ لەڕووخســـاری کەســـێك دەبینێـــت

کەپێشتر بێجگە لەخۆشەویستی هیچی تری لێنەبینبوو.

بەڵام هەڵەی "سارە"یە، وەئەشکرێت نەفرەتی شکانی پیاوێك لەسەر ئەوبێت ووای لێبکات خوێنی لەئارەقی خۆیدا بێت! ئەوەنالێم تاوەکو خۆمی لێ بەری بکەم؛ ئەزانم ئەگەر نەگەڕامایەتەوە بۆسەر خواردنەوە نەئەبووم بەوکەسە دڕندەیە کەپێشتر بووم، لێم خۆشەبوو بۆهەتا هەتایە لەگەڵیشم دەمایەوە ئەگەر ئەوئافرەتە سێبەرە ڕەشەکەی خۆی بەسەر ماڵەکەماندا نەکردایە. " سارە" خۆشی ئەویستم، ئەوەش ئەسڵی بابەتەکەیە؛ بەجۆرێك خۆشی ویستم هەتاوەکو گۆڕا بۆڕقێکی ژەهراوی کاتێك بەوەی زانی کەمن دەگەڕێم بەدوای شوێنی پێی ژنەکەم لەقوڕدا زیاتر لەوەی گرنگی بەو بەڕۆحی وبەهەموو ئەوشتانەی هەیە بدەم! سێ خوشك بوون: گەورەکەیان ئافرەتێکی باشبوو، بەڵام دووەم شەیتان بوو! سێیەم فریشتە بوو. "سارە" تەمەنی سی وسێ و"ماری" بیست ونۆ ساڵ بووکاتێك هاوسەرگیریمان کرد، ئەوڕۆژەی خانوی خۆمانمان بنیاد نا بەختەوەربووین. لەهەموو لیڤەرپوڵ کەسێکی باشتر لە"ماری" هاوسەرم نەبوو، کاتێك بانگهێشتی "سارە" مان کرد تاوەکو هەفتەیەك لەگەڵمان بێت هەفتەکە درێژ بویەوە بۆمانگ، دواتر وردە وردە گۆڕا هەتا وایلێهات بو بەیەکێك لەئێمە. ئەوکاتە کاتی وازهێنانم بوو لەخواردنەوە وپارەمان کۆدەکردەوە؛ هەموو شتێك ناوازە بوو. خوایە! کێ دەیوت شتەکان بەم

**شـێوەیە دەگــۆڕێن ودەگەن بەم ئاســتە؟ كــێ خەونـــی پێوە دەبینی.**

**هەنــدێك جــار كۆتــایی هەفــتە دەگەڕامەوە بۆمــاڵەوە، كاتیـــك كەشـــتییە بارهەڵگرەكـــان دوادەكەوتـــن بەهەفــتە پەیوەنــدیم بەمــاڵەوە نەدەكــرد، "ســارە" ئــافرەتێكی بــاڵابەرزی ئەســمەر بــوو ســەری وەكــو شـــــانازییەك بەرزدەكــــاتەوە ودرەوشــــــاوییەك لەچاوانیـــدا بەدی دەكرێـــت هەروەكـــو ئـــاگر وایە، بەڵام كاتێــك" مــاری" لەوێ دەبــوو هەرگیــز بیــرم لێنەدەكـــردەوە ســـوێند دەخـــۆم، هەنـــدێك جـــار وادەردەكەوت حەزدەكــــات بەتەنهــــا لەگەڵـــــم بمێنێــتەوە یــاخود پیاســەیەكم لەگەڵــدا بكــات، بەڵام هەرگیـــز بیرملێنكردبـــووەوە هەتـــا ئەوئێـــوارەیەی بەتەواوی چاوەكـــانم كـــردەوە. تـــازە لەگەشـــتێك گەڕابــومەوە " مـــاری " لێنەبــوو، بەڵام " ســـارە" لەمـــاڵ بـــوو پرســـیم: " مـــاری" لەكــوێیە؟ وتـــی ڕۆشتۆتە دەرەوە تاوەكو باج بدات.**

**خۆڕاگربـــووم وبەژوورەكەدا دەهـــاتم ودەچـــووم، وتـــی: نـــاتوانی پێـــنج خـــولەك بەبـــێ" مـــاری" بەدڵخۆشــی بمێنیتەوە"جـیم" ؟ ئەوەنــدە خــراپ مەبە لەگەڵــم، نـــاتوانی بۆســـاتێكیش بێـــت ڕازی بیـــت بەهاوبەشی من.**

**ســەیری چاوكــانیم كــردوو هەمــوو شــتێكم خوێنــدەوە؛ پێویســتی بەقســەكردن نەدەكــرد؛ هەروەهــا منــیش ، بەبێــدەنگی لەپەنامـــدا وەســـتا، لەســـەرخۆ تەواوی دەســـتەكانمی گــرت ودواتــڕ دەســـتەكانی بەرزكــردەوە ولـەسەر شانـەكامی داناو وتی: جیمی دواكەوتوو!**

**بەپێکەنینێکـــــــی گاڵتەجاڕیـــــــانەوە لەژووەرەکە وەدەرەکەوتم.**

**باشـــە، لەوســـاتەوە" ســارە" لەهەمــوو ڕوویەکەوە ڕقـــی لـــێم دەبـــووەوە. ئـــافرەتێکە توانـــای ڕقـــی لەڕادەبەدەرە،**




**چەنـــد نەفـــام بـــووم هێشـــتم بەردەوام بێـــت لەســـەردانیکردنمان! هـــیچم بە" مـــاری" نەوت دڵنیابووم خەمبار دەبوو.**

**بەم شـێوەیە تێـپەڕی، بەڵام دوای مـاوەیەك گـۆڕانم لەخـودی "مـاری" بەدی دەکـرد، هەمیشـە متمـانەی پـێم هەبـوو، بەڵام لەوکـاتەوە گومـانی لێـدەکردم ودەیویسـت بزانێـت لەکـویّ بـووم وچـیم دەکـرد وچـی لەگیرفانمـدایە ونامەکـانم بـۆکێن...... وەزۆرێـك لەو کـارە پڕوپوچـانە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ "مـاری" زیـاتر نـیگەران دەبـوو، نقـوم بـووین لەزنجیـرەیەك نـاکۆکی وئـاژاوە بەبـیّ هـۆ! هەمـوو ڕووداوەکـان بێزاریـان**

دەکــردم، کاتێــك "ســارە" فەرامۆشــی کــردم لەدوای ئەوە وە چیتــــر لەگەڵ "مـــاری" جیــــانەدەبوونەوە، ئێسـتا تـوانیم ببینـم کەچـۆن "سـارە" فەرمـان دەکـات وپـیلان دادەڕێژێـت وبیـری ژنەکەم ژەهـراوی دەکـات بەرامـبەرم، بەڵام کـوێر بـووم ئەوکـات تێنەدەگەشـتم، ڕێککەوتــنەکەم شــکاند ودووبــارە گەڕامەو ســەر مەی خــواردنەوە، بەڵام ئەگەر"مــاری" مــارییەکەی جـاران بـوایە هەرگیـز نەدەگەڕامەوە سـەری. ئیتـر هۆکــاری بۆدروســت بــوو تــاوەکو وەڕس ببێــت لەدەســتم، زیــاتر دووردەکەوتیــنەوە، لەوکـــاتەدا "ئاڵیــك فیربــارین" خــۆی کــرد بەنــاو مەســەلەکەو هەزار جار زیاتر خراپ بوو.

یەکەمجـــار هـــات بۆبینینی"ســـارە" بەڵام هەر زوو بـــوو بەهـــــاوڕێی هەمووومــــان. شـــێوازێکی ســەرکەوتوانەی هەبــوو بــۆهەر جێــیەك بڕۆشــتایە دەیتــوانی بەئاســانی هــاوڕێ دروســت بکــات، بــوێر وجــوان خــاس بــوو، بەڵام زیــرەك ۆئــاڵۆزیش بــوو لەهەمــان کاتــدا، نیــوەی جیهــانی بینیــوەو دەیتــوانی وەسفیشــیان بکــات.نکۆڵی لێنــاکەم هــاوەڵی کردنـــی بەچێــژ بــوو، هەڵسوکەوتیشــی وەکــو دەریاوانێــك بەسۆزو بەڕێز بوو.

بۆمــــانگێکی تەواو هـــاتوچۆی دەکـــردین، بـــۆیەك ســــانیەش بەبیرمــــدا نەهــــات بەهۆیەوەشـــتێك ڕووبــدات. لەکۆتایــدا ئەوە ڕوویــدا کەوای لێکــردم گومـــان بـــکەم، لەوڕۆژەوە ئاســـوودەییم هەمـــووی لەدەســت دا. تەنهــا ڕووداوێکــی ســادەبوو ڕۆشــتمە نـــاوهۆڵێکی پێشـــوازی پێشـــبینی نەکـــراو، کاتێـــك لەبەردەم دەرگـــای ماڵەکەمانـــدا بـــووم "مـــاری" یـــم

بینـــی بەڕوویەکـــی گەشـــەوە هـــات بەرەو پێشـــوازی ویســـتی ســـڵاو بکـــات؛ بەڵام هەرکە منـــی بینـــی بەڕوویەکـــی بـــۆ هیوایـــانەوە ڕووی وەرگێـــڕاو ڕۆشـــتە دواوە، بێگومـــان وایزانیـــوە گـــوێی لەدەنگـــی پێـــی " ئاڵیـــك فیربـــارین" بـــووە، ئەگەر لەوکـــاتەدا لەژێـــر دەســـتم بـــوایە بـــۆ یەك و دوو دەمکوشـــت لەبەرئەوەی کاتێك توڕەبم شێتەبم.

"مـــاری" بینـــی تـــوڕەیی لەڕووخســـارم دەبارێـــت هـــاتە پێشـــەوە ودەســـتی لەســـەر شـــانم نـــاو ووتـــی: وامەکە "جیم"، وامەکە.

پرسیم: "سارە" لەکوێیە؟

- چێشتخانە.

وتـــم وادەڕۆم بـــۆلای: "ســـارە"، یەك جـــاری تـــر نامەوێت ئەوپیاوا بێت بۆئێرە.

وتی:بۆچی؟

-لەبەرئەوە من وتومە.

- ئەگەر هاوڕێکـــانم گونجـــاو نەبـــن بـــێن بـــۆئێرە کاواتە منیش هیچ جیاوازییەکم نییە لەگەڵ ئەواندا.

- ئەوەبـــکە کەدەتەوێـــت، بەڵام ئەگەر جـــارێکیتر "فیربـــارین" ببیـــنمەوە لێـــرە گوێیەکـــانی وەکـــو یادگارییەك لێکەمەوە وبۆتی دەنێرم.

وابـــزانم لەڕووخســـارم ترســـا، هیچـــی نەوت وئێـــوارە ماڵەکەمی جێهێشت.

بـــاش، ئێســـتا نـــازانم ئەوکـــارانە بەلایەنـــی خۆشەویســـتی کردویەتـــی یـــان پێـــی وابـــووە دەیتـــوانی لە"مـــاری"یم دووربخـــاتەوە بەوکـــارانەی. بەهەر

حاڵ دووشەقام دوورتر لەماڵی ئێمە ماڵێکی بەکرێ گرت وژوورێك بۆدەریاوانەکەش، "فیربارین" ڕاهاتبوو لەوێ دەمایەوە، "ماری" دەرۆشت بۆماڵی "سارە" بۆخواردنەوەی چا لەگەڵ وئەو وخوشکەکەی.

نازانم چەند جار ڕۆشت بۆئەوێ، بەڵام لەیەکێك لەڕۆژەکان دوایکەوتم، کاتێك هەڵم کوتایە سەر ژوورەکە "فیربارین" وەکو خوێرییەکی ترسنۆك بازیدایە ناو باخچەکە وڕایکرد. سوێندم خوارد جارێکی تر لەگەڵ ژنەکەم ببیبینمەوە دەیکوژم، بەگریانەوە هێنامەوە جەستەی دەلەرزی وڕووخساری وەکو کاغەزێکی سپی لێهاتبوو وچیتر هیچ ئاسەوارێکی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەمابوو. ئەمتوانی ترس وڕقی بەرامبەرم لەچاوەکانیدا ببینم.

"سارە" زانی ناتوانێت بەرگەی ئەوکارەی بگرێت ولەگەڵی بژی وەکو ئەوەی تێگەشتبم گەڕایەوە بۆکرویدن تاوەکو لەگەڵ خوشکەکەی بژی، وەکو هەمیشە هەموو شتەکان تێپەڕی هەتاوەکو هەفتەی داهاتوو، هەموو ڕەشییەك وخەمی لەگەڵ خۆی هێنا.

بەم شێوەیە بوو: دەرۆشتین بۆگەشتێکی حەوت ڕۆژی بەکەشتی مایدای، بەڵام یەکێك لەبەرمیلەکان دەرچوو بوو بوەهۆی بچڕانی یەکێك لەپەتەکانی کەشتییەکە ناچاربووین بگەڕێینەوە بۆبەندەرەکە بۆماوەی دوانزە کاتژمێر، کەشتییەکم

جێهێشـــت وگەڕامەوە بۆمـــاڵەوە بەهیـــوای ئەوەی ببێتە سوپرایزێک[2] بۆژنەکەم .

زۆر بەهیوابـووم دڵخـۆش بێـت بەبینـیم، هەرئەوەش لەمێشـکم بـوو کاتێـك ئـاوڕم دایەوە بۆشـەقامەکە، لەوکـاتەدا گالیسـکەیەکم بینـی بەلامـدا تێـدەپەڕی "مـاری" لەگەڵ"فیربـارین" دانیشـتووە لەناویـدا وقسـەیان دەکـرد وپێـدەکەنین بەبـێ ئەوەی بـزانن مـن لەوێدام! بەدەم ڕۆشتنەوە چاوەڕێم دەکرد.

ئەیڵـێم ودڵنیاتـان دەکەمەوە لەوسـاتەدا کـوێر بـووم کـۆنترۆڵی خـۆمم لەدەسـت دابـوو، کاتێـك ئـاوڕ لەدواوە دەدەم هەمووشـتێك وەکـو خەون وایە بـۆم، هەتـا کـاتێکی دەرنـگ زۆرم خـواردەوە، هەردووکـی پـێکەوە وایـان لێکـردم شـێت بـبم. شـتێك لەسـەرمدا وەکـو چەکوشـی کرێکـاری سـەر بەلەم لێیـدەدا، ئەو بەیانییە دەتوت تاڤگەکانی نیاگارا لەگوێی مندان.

گۆچـانێکی داریـنم هەڵگرتبـوو بەدوای گالیسـکەکە کەوتـم، کەمێـك دواکەوتـم تـائەوان مـن نەبیـنن. لەوێسـتگەی شـەمەندەفەرەکە وەسـتابوون، لەبەردەم پرسـگەی بلیـت فرۆشـەکە خەڵکێکـی زۆری لێبـوو تـوانیم بەبـێ ئەوەی بمبیـنن خۆمیـان لـێ نزیـك بـکەمەوە. دوو بلیتیـان بـۆ نیوبرایتـون کـڕی، منـیش کـڕیم، بەڵام سـێ کورسـی دوورتـر لەوان دانیشـتم. کاتێـك گەشـتین لەیەك ڕزدا دەڕۆشـتن، لەسـەد مەتـر نزیکتـر نەبـووم لێیـانەوە، لەکۆتایدا بینیم بەلەمێکیان بەکرێ دەگرت.

---

[2] لەبەرئەوەی وشەیەکی کوردیم نەدۆزییەوە بۆ وشەی " سوپرایز" هەرئەوەی خۆیم بەکارهێنا.

کەشـــەکە زۆر گەرم بـــوو بێگومـــان پێیـــان وابـــوو؛ ئاوەکە باشتر ئەبێت.




وەکـو ئەوە وابـوو کەسێك داینابێـت تـاوەکو لەچنگـی منـــدابن، بەهـــۆی گەرمیـــیەکەوە تەمێـــك لەســـەر ئـــاوەکە دروســـت ببـــوو کەوەکـــو پەردە هەرســـێکمانی دادەپۆشی لەناوەڕاستدا.

خـــوایە! هەرگیـــز ئەو دەربـــڕینەی ڕووخســـاریانم بیرنـــاچێتەوە کاتێـــك دەیـــان زانـــی کـــێ لێیـــان نزیـــك دەبێـــتەوە؟ " مـــاری" ڤیژانـــدی و"فیربـــارین" وەکـــو مەیمـــوون هەڵـــی کوتـــایە ســـەرم. دیـــاربوو مردنـــی لەچاوەکانمـــــدا بەدی کردبـــــوو، بەگۆچـــــانەکەم لەســـــەریم داو وەکـــو هـــێلکە تەقانـــدم. ســـەڕەڕای ئەوەش دەکـــرا شـــێتیەکەم لەســـەر"ماری" نەمـــایەو هـــیچم نەکـــردایە ئەگەر ئەو نەچوبـــایە باوەشـــی پێدابکات وهاواربکات وناوی بێنێت.....

جارێکی تر لێمدایەوە!

لەوكـــاتەدا وەكـــو درِەنـــدەیەك وابـــووم، ئەگەر "سارە" لەوێبوایە ئەویشم چارەدەكرد.

دواتــر چەقــۆكەم بەرزكــردەوە و............باشــە، ئەوەنــدەی بەس بێــت وتــم  هەســتم بەخۆشــییەكی زۆر دەكــرد كاتێــك "ســارە" ســندوقەكە دەكــاتەوە وئاماژەكەی پێدەگات.

وەسـتام تـاوەكو نقـوم بـوون، زانـیم خـاوەن بەلەمەكە وادەزانێـت لەتەمەكەدا رێگایــان ونكــردووە ونقــومی دەریـــاكە بـــوون، خـــۆم پـــاككردەوە وســـواری كەشـــتییەكە بـــووم بەبـــێ ئەوەی كەس گومـــانم لێبكات.



ئەوشـــەوە پۆســـتەكەم ئامـــادەكرد و رِۆژی دواتـــر لەبلفاست ەوە ناردم بۆ"سارە".

رِاســتییەكەتان زانــی ئێســتا، ئەتــوانن لەپەتــم كەن، یـــاۆ هەرشـــتێك كەدەتانەوێـــت، بەڵام ســـزام نـــادەن بەوشـــێوەی ئەوان ســزایان دام، نـــاتوانم بەبـــێ بینـــی

ڕووخساریان چاوەکانم لەیەك بنێم هەروەك چۆن لەسەر بەلەمەکە کردیان . بەخێرایی ئەوانم کوشت، بەڵام ئێستا ئەوان لەسەرخۆ من دەکوژن، ئەگەر شەوێکی دیکە بەم شێوەیە بەسەر بەرم شێتەبم یان پێش بەرەبەیان ئەمرم.

تۆنامخەیتە زیندانی تاکەکەسی گەورەم وایە؟ بەزەیت پێمدا بێتەوە وامەکە ...گەروەم.

هۆڵمز بەدەم لابردنی کاغەزەکەوە بەخەمێکەوە وتی: ئەمە مانای چییە "واطسۆن"؟

ئامانجی ئەم توند وتیژییە چییە هەموو ئەمە ئەبێت بگات ئەنجامێك ئەنجامێك؟ ئەوە کێشە گەورە نەمرەکەیە کەئەقڵی مرۆڤایەتی لەئەزەلەوە هیچ وەڵامێکی پێنیە بۆی.

*　　　*　　　*

**<u>تەواو</u>**

**سوپاســـی هەمـــوو ئەوکەســـانە دەکەم کەبەتەنهـــا وشـــەیەکیش بوبێـــت یارمەتیـــان داوم لەوەرگێڕانـــی ئەم چیرۆکە جوانە.**

**لەهەر کەمـــو کـــوڕییەك ببـــورن ، بەهیـــوای چێـــژ بینین.**

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




# کتێبخانەی ( PDF ) ›

Public group · **100K** Members